

# یاسر عەبدولسەید

# هەردوو کچی خۆی کوشت




یاسر تەمەنی 50 ساڵە و خەڵکی میسرە . لە تەکساس هەردوو کچی خۆی کوشت و لەبەردەم میوانخانەیەک لەناو تەکسیەکەی خۆی تەرمەکانی بەجێ هێشت . ئێستاکە پۆلیس بەدوای دەگەڕێت نزیکەی10هەزار دۆلار خەڵاتی ئەو کەسە دەکرێت، ئەگەر بێت و شوێن و جێگای خۆشاردنەوەی تاوانبار یاسر بۆ پۆلیس ئاشکرا بکات. ئەو قسانەی دەربارەی ئەو تاوانە دەکرێت هەر بۆ ئەوە دەیگەڕێننەوە گوایە باوکە حەزی

نەکردووە کچەکانی برادەر و هاورِێ و دۆستی کورِیان هەبێت . برا و دایکی کچەکان داوا دەکەن کە یاسر خۆی بداتە دەست پۆلیس و دان بە تاوانەکەی بنێت و بۆ خەڵکی رِوونبکاتەوە بۆ ئەو کارەی ئەنجام داوە . ئەو کردەوەیە دەخرێتە سەر تاوانی پاراستنی شەرِەف . ئەو شەرِەف پاراستنەش هەر لە خەڵکی موسڵمان و رۆژهەڵات زیاتر روودەدات و لە ئەمریکا و ئەورِوپا مۆرێکی دژایەتی لەو کارەساتانە [بەداخەوە] دەدرێتە پاڵ ئیسلام . کوشتن لەسەر شەرِەف لە هەموو ئایین و نەتەوە و وڵاتاندا هەبووە و هەیە. تاوانبار یاسر دەبێ دەروونی زۆر نەخۆش بێت ئەگەرنا چۆن دەستی سوورکرد بە خوێنی ئەو دوو پەپوولەیە . لە کوردستان تاوانبار دەدرێتە دادگا ئەگەر بێت و لەسەر شەرِەف کچی خۆی یا دایکی خۆی بکوژی ،

ئەمەش یاسایەکی پێشکەوتوانەیە بۆ پارێزگاری کردنی گیانی مرۆڤ .

**فەهد گردەوانی 2008/1/8ستۆکهۆڵم**